# بۆچی گەنج تەنها لە شاری سلێمانی یاخی بێت؟!. . .. جەمال فەتاح

پێش ئەوەی بچینە قولایی باسەکەمان ئەبێت ئەوە بە لاوانی تێکۆشەرو ڕۆشنبیری کوردستان بڵێم کە ئەو قەوارە بچووکە تازە سەر پێکەوتووەی کوردستانی باشور نە وەک دەوڵەتی ئەمریکایەو نەوەک هیچ دەوڵەتێکی ئەوروپایەو نەوەک هیچ دەوڵەتێکی عەرەبییەو نەوەک ئێران و نەوەک توورکیایە وەنە وەک هیچ دەوڵەتێکی سەرانسەری جیهانە کە باوەڕی نێودەوڵەتی پێبەخشرابێت. چوونکە هندێک لەوانە لەوەتای دەوڵەت هەیە ئەوان درووست بوون ودەوڵەتن و ئێستا نەستەمی میللی یان لەسەرەو نەترسی سڕینەوەو لەناوچوونیان هەیە،بەلام قەوارەی کوردستانی باشور هەردوو مەترسییەکەی لەسەرە هەم ستەمی میللی وهەم مەترسی لەناوچوون بۆیە نابێت کورد بەگشتی ولاوان بەتایبەتی قەوارەی کوردستانی باشور لەگەڵ هیچ دەوڵەت ودەسەڵاتێکی سەرانسەری جیهاندا لەبەرانبەر یەکدا دابنێن چی لەڕووی ئەرکو چی لەڕووی ماف وهتد. .

ماوەیەکە لێرەو لەوێ باس لەیاخی بوونی گەنجان ئەکرێت لەکوردستاندا وبەتایبەتی لەشاری سلێمانی وڕاستەوخۆش لەزانکۆی سلێمانیدا،ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە لەلای من بۆچی لەسلێمانی وبەتایبەتی لەزانکۆی سلێمی گەنجان یاخی بن؟؟!!.

بەدیدی من دەستی سیاسەتێک لەپشتی ئەو کەسە بەناو یاخیانەی زانکۆی سلێمانی ودەرەوەی زانکۆی سلێمانیدا هەیە ئەو دەستەش دێر یازوو هەر بەدەر ئەکەوێت بۆگشت لایەک هەرچەند لەزۆر ڕوانگەوە ئێستاش بەڕوونی دیارە،من ڕووئەکەمە هەموو ئۆرگان ودەزگا حزبی و ئیداری وڕاگەیاندنەکانی سلێمانی بەتایبەتی وکوردستان بەگشتی بچنە ناوەرۆکی گەنجە یاخیەکان کەژمارەیان ناچێتە 200 گەنج بزانن باڵێکی چەپی دۆڕاو لەپشتیانەوەیە یان نا؟؟!!،بەمەشدا دیارە کەئەمانە لەکوێوە ڕاسپێراون ولەکوێشەوە سەر چاوە ئەگرن،ئەگەر ئەوانە سەر بە باڵێکی چەپی دژەکورد نەبوون ئەوسا من لەلای خۆمەوە پشتگیریان ئەکەم وداواش لەخەڵکی کوردستان ودامو دەزگاکانی هەرێمی کوردستانیش ئەکەم کەگشت داواکانیان بۆجێ بەجێ بکەن وبەجێبێنن.

دیارە شاری هەڵمەتوو قوربانی هەمیشە شاری شۆڕشو ڕاپەڕین بووە بەلام بۆچی ئێستاو لەکاتی ئەو تۆزە سەر بەستییەدا کەلە کوردستانی باشور هەیە لاوان لەشاری سلێمانی و بەتایبەت لەزانکۆی سلێمانیدا کە زانکۆ بناغەو پێگەی پێشکەوتنە لە هەمووجیهاندا و لەهەموونەتەوەکاندا لەوێ یاخی بوون هەبێت،یاخی بوون لەچی ولەکێش؟؟!! لەدەسڵاتی کوردستان لەپێشمەرگەی دەیان ساڵەی کوردستان لە خوێنی شەهیدان لەمافو ئازادییەکانی خودی لاوان لەهەڵبژاردن و دیموکراسی لەوەلام دانەوەی دووژمنانی نەتەوە لەمانای پیرۆزی نەتەوایەتی نەتەوە بندەستەکەمان. لەو ماناو بنەمانەی کە کورد بەدەریا خوێنی بۆڕشتووە،لەو مافانەی کە دەیان ساڵەو بەئێستاشەوە لە گەلەکەمان زەوت کراوە،یاخی بوون لەمانە بەهەموو پێوانەیەک یاخی بوونە لەئازادی،یاخی بوون لە پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمان کە لە سەرەوە ناومهێناون لاوان بەگشتی وئەو گەنجە یاخیانەی شاری سلێمانی بەتایبەتی بیانەوێت ونەیانەوێت پاڵپشتی کردنە لەدووژمنانی نەتەوەکەمان؟؟!!.

دیارە گەنجان وهەمووچینەکانی تری کۆمەڵگای کوردی هێشتا بەتەواوی بەمافەکانی خۆیان نەگەیشتوون،دیارە لەماوەی درووست بوونی دووئیدارەکەدا گەندەڵی ئیداری پەیدا بووە،دیارە شەڕی ناوخۆی کوردستان کردنی بەهەموو واتایەک حەرام بوو کراش،دیارە تاکوئێستاش لەکوردستان دەوڵەتی یاساو داموودەزگای یاسایی درووست نەبووە هاتنی

کەمو کورپەکانیش بەشێکی گرنگیان لەنەبوونی داموودەزگای مەدەنی ویاساییەوە سەر چاوەی گرتووە،دیارە کەموکوڕی هەیەو کەسیش ناتوانێت نکوولی لەو کەموکوڕیانە بکات ئەویش سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆکەمتەر خەمی هەندێک بەر پرسی نابەرپرس و بۆنەبوونی بوارە ئیداری و ئابووری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان بەگشتی وبۆدوژمنایەتی کردنی کورد لەلایەن دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە بەجۆرێکی بارنامە بۆداڕێژراو کەبەئێستاشەوە بەردەوامە،بۆنەبوونی دامودەزگای مەدەنی ومۆدێرن. بەڵام ئەمانە هەمووی مانای ئەوەنا کە کورد هەبێت نەچێت دەنگ بدات بۆ خودی کورد لەپەرلەمانی ئێراقدا،لەکاتێکدا ئەو پەرلەمانە جێگای دیاری کردنی مافەنەتەوایەتییەکانی کوردە یان لەهەمانکاتدا بەپێچەوانەوە جێگای لەدەستدانی مافەکانی کوردیشە ئەگەر کورد بەهێزنەبێت لەو پەرلەمانەدا،جێگای پتەوکردنی جێگەپێی وهەنگاوەکانی کوردە ئەگەر ئەو پەرلەمانە بەهێزبێت وە بەپێچەوانەشەوە گەر کورد لەو پەرلەمانەدا بێ هێزبێت هەر ئەو پەرلەمانە ئەبێتە هۆی لەق بوونی جێگەپێی کوردولەدەست دانی مافەکانی بەشێوەیەکی یاسایی.

بەدرێژایی نیوسەدەو هەتا ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی باشوری کوردستان لاوانی کورد کۆمەڵێک ئاواتی هەبوو لەدوای سەر بەستی گەلەکەمان ئاواتی لاوان ئەمانە بوون،دووژمن نەیانگرێت لەزیندانیان نەکات نەکەونە بەر شەلاق وسزای بەعسیەکان شەولەماڵی خۆیاندا خانەبگیر نەکرێن کەچوونە سەرکارو ناوبازاڕەکان دەست بگیرو ڕیشبگیر نەکرێن تاکو بتوانن لوقمەی نانی ڕۆژانەی خۆیان وخێزانەکانیان دابین بکەن کە پەیدا کردنی نانیش زۆر قورس وئەرک بوو لەهەموو ئەو سەردەمانەدا،سەرەڕای ئەمانەش ئەرکی لاوان بوو کە لەشۆڕشدا وەک پێشمەرگەو لەڕێخستنەکانی ناشاردا بەشدار بن لەشۆڕشی ڕزگاری خوازی نەتەوایەتی بۆیە بەپێی پرەنسیپێکی دیاریکراو بەشێکیگرنگ لە لاوان ڕێگای پیرۆزو پڕلەهەورازو نشێوی پێشمەگایەتیان هەڵئەبژاردوو بەنانی وشک وبەجلو پێڵاوی شڕو بەسەرماو سۆڵەی زستان وبەگەرمای سوری هاوین ڕووبەڕووی دوژمن ومەرگ ئەبوونەوە لەپێناوی پیرۆزی بیرو باوەڕبە ئازادی نەتەوەو نیشتمانەکەیاندا خەباتیان درێژە پێئەدا،یان لەزیندانەکانی بەعسدا لاوان بەدەم شەلاقەوە گیانیان لەدەست ئەدا یان لە قەسابخانەکانی موسڵ وئەبوو غرێب و هەیئەی کەرکوک بەسەر بەرزییەوە ئەچوونە بەردەمی پەتی سێدارەی بەعسییە فاشیستەکان وگیانی شیرینی خۆیان ئەکردە قوربانی نیشتمان وکێشە ڕەواکەیان،هەر خوێنی ئەوانەش بوو بووە هەوێنی سەرکەوتنەکانی کوردستانی باشور وراپەڕینی لێکەوتەوە. کەئێستا هەندێک بەناوی گەنجە یاخییەکان دژی هەموو پیرۆزیەکانی کوردو بەرهەمی خوێنی هەمووشەهیدانی کوردو کوردستان ڕاوەستاون. ئەمەبۆچی چونکە مافەکانی لاوان بەتەواوی جێبەجێ نە کراوە؟؟!!.

من ئەڵێم و دووپاتیشی ئەکەمەوە مافی هەمووچینەکانی کۆمەڵگای کوردستانی باشور نەسەلمێنراوە بەتەواوی وەکەمووکووڕیش زۆرە هێشتاو قەوارەی کوردستانی باشور لەبەر زۆربوونی کەم وکوڕییەکان کەلەسەرەوە ئاماژەم بەهەندێکیان کردووە فریای هەمووشت وهەمووچینەکان وهەمووکەس نەکەوتوون هێشتاوەک ئەوەی کە پێویستە یان وەک ئەوەی کەچاوەڕوان ئەکرێت یان وەک ئەوەی کەمافمانە و ئەبێت بۆمان بکرێت،بەڵام ئەوە تەنها مافی لاوان نییە کە کەموکوڕی تێدایە بەڵکو ئەوە لەسەروی هەموانەوەمافی بنەماڵەی شەهیدە سەر بەرزەکان مافی پێشمەرگە کۆن وماندووەکانی شاخ ئەوانەی کەئەم ڕۆژەیان بەدیاری پێشکەشی گەلەکەمانکردووە هێشتا لە سەدا یەکی مافەکانیانبەدی نەهاتووە،مافی ئافرەتان وژنانی کوردستان کەبەدرێژایی شۆڕشەکانی کورد چەوساوەترین وپڕ ئەرکترین چینی کۆمەڵ بوون،وە مافی جوتیاران وزەحمەتکێشانی کوردستان،وە مافی

گشت گوند نشینەکانی کوردستان کەهەموو ئەرکی شۆڕش وپێشمەرگایەتی بەدرێژایی دەیان ساڵ لەسەر شانی ئەوان بووە،مافی هەزاران لاوی کورد کەئێستا یان پیرن یان پیرە لاون کە بەهۆی شۆڕشەوە خوێندنیان لەدەست چووە،مافی کەم ئەندامانی کوردستان کە بەهۆی کێشەی نەتەوەکەمانەوە ئەندامێك یان زیاتر لەئەندامێکی لەشیان لەدەست داوە،مافی دەیان هەزار لەلاوان و گەنجانی کوردستان لەبەر گەمارۆی ئابووری کە بەهۆی سەدام وڕژێمەکەیەوە لەسەر ئێراق وکوردستان دانرابوو یان بەهۆی نیشتمانپەروەری یان بەهۆکاری جیاجیا وڵات ونیشمانیان بەجێ هێشتووە بەدرێژایی ساڵەکانی گەمارۆی ئابووری زیاتر لەنیوەی خەڵکی کوردستانی باشوریان بەخێوکردووە لە 50%ی ئەوگەنجانە مافی پەنابەریان وەر نەگرتووە ئێستاش بەجۆشو خرۆشی تەواو ئەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بەپارەو خەرجی خۆیانەوە دەنگ ئەدەن کەسیشیان یاخی نابن لەکوردو مافەڕەواکانی ولەدەنگدان.

بۆیە لەکاتێکدا کە کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان لەمەترسی دایەو دوژمنان دەمیان بۆ قوتدانی کێشەی نەتەوەکەمان کردووەتەوە پێویست ناکات باڵێکی چەپی دژە کورد لە کوردو لایەنە شۆڕشگێڕەکان ڕاستەوبێت وهەمووپیرۆزیەکانی شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان بخەنە ژێر پرسیارو بیانەوێت لەگشت کاتە ناسکەکاندا دەگە لەگەلەکەمان بدەن. ئەمەش تاوانە کە بەهیچ جۆرێک گوێشیان لێبگیرێت نەک وەک تەلەڤزیۆنی کوردسات شەوی 2005/12/10 هێنابوونییە سەر شاشەو بەئارەزوی خۆیان دژی شۆڕش ومافەنەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان ودژی هەڵبژاردن ولیستی 730 ئەدوان،بەجۆرێک لەلایەن لەیلا خان بەتەواوی تەلەڤزیۆنی کوردساتیان بۆخرابووە سەر پشت بەڕاستی پێویست نییە کەسێک خێری نانێکی بۆکورد نەبووبێت و هێشتا دژی کێشەی ڕەوای نەتەوایەتیمانبن بەڵام لەوکاتە ناسکەی هەڵبژاردن دا کە چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە بۆهەڵبژاردن دەرگا بۆ ئەو کەسە دەرون نەخۆشو تێکدراوانە بخرێتە سەر پشت،ئەمەش لەیاسای هەر دەوڵەتکی دیموکراتی جیهان بەدەرە؟؟!!.

ئەوە شاری هەولێر زانکۆی لێیە ئەوە شاری دهۆک زانکۆی لێیە ئەوە شاری کەرکوک زانکۆی لێیە بەڵام بۆ زانکۆی هیچ شارێک وەکو سلێمانی نەبێت؟؟!! لێرەدا من زۆر سەری خوێنەران نایەشێنم وباسەکەم زیاتر درێژ ناکەمەوە بۆیە وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ خودی خوێنەرانی بەڕێز بەجێدێڵم؟؟!! .

جمال فتاح
2005/12/10
لەندەن